# ژەهراویترین جۆرەکانی کوارگ لە سوید!

- ئەگەر کوارگێک (قارچکێک) لە یەکێک لە ئەمانەی نێو ئەم بڕۆشوورە دەچێت بە هیچ شێوەیەک مەیچنەوە!
- تەنیا ئەو کوارگانە بچنەوە کە دەیاننا‌سی!
- تامیان مەکە! تەنانەت تامی کوارگی ژەهراویش خۆشە!
- بهێڵا کەسانی بەئەزموون کە کوارگانە دەناسن خاوێن بکەنەوە!
- کتێبێکی مۆدێڕنی تایبەت بە کارگەکان بۆ خۆت پەیدا بکە!

!

## کوارگی مێش



*Amanita muscaria*

چەترەکەی ١٠ تا ٢٥ سانتیمترە. ڕەنگی چەترەکەی لە سووری کاڵە هەتا سووری پرتەقاڵیی کەمڕەنگ خوارەوەی  دەگۆڕدرێ. خاڵەکانی سپین. لەسەر لاسکی ئەم کوارگە بازنەیەکی گەورە هەیە و بەشی لاسکەکەی ئاوساوە. لە نێو دارستانی دارانی گەڵاڕێز و دارانی سنەوبەری دا دەڕوێت.

ئەم سێ جۆرە کڵاوەکانیان خاڵی هەیە. بەڵام ئەو خاڵانە دەتوانن بە ئاسانی داکەون و تەنیا چەند دانە لەوان بمێنن .یان هەر نەمێنن.

## کوارگی مێشی قاوەیی



*Amanita muscaria var. regalis*

چەترەکەی ١٠ تا ٢٠ سانتە و لە قاوەیی هەتا قاوەیی زەردباو دەگۆڕدرێت وە خاڵەکانی سەری سپیی زەردباون. لەسەر لاسکی ئەم کوارگە بازنەیەکی دیار هەیە و بەشی خوارەوەی لاسکەکەی ئاوساوە. لە نێو دارستانی دارانی سنەوبەری دا دەڕوێت.

## کوارگی پڵنگی



*Amanita phanterina*

چەترەکەی ٥ تا ١٢ سانتە و ڕەنگێکی قاوەیی تایبەتی هەیە. خاڵەکانی سپین وە لاسکەکەی هەمیشە بازنەی لەسەر نییە. بەشی خوارەوەی لاسکەکەی ئاوساوە. لە نێو دارستانی دارانی گەڵاڕێز و پارکەکان، وە هەروەها هەندێجار لە جەنگەڵی دارانی سنەوبەری دا دەڕوێت.

**کارتێکەری و نیشانەکانی ژەهر**

،لە نێو هەموو ئەم کوارگانە دا هەندێ :ژەهر هەن کە سیستەمی دەمار (عەسەب) تێک دەدەن. لەوانەیە ببێتە هۆی گێژبوون شڵەژان، دڵەڕاوکێ، دابەزینی ئاستی هۆشیاری و گیرانی ماسوولکە. هەروەها هەندێجار دەبێتە هۆی هەستی دڵشێوان و ڕشانەوە.

**چۆن زانیاریی زۆرتر لەبارەی کارگەکان بەدەست بهێنی؟**

- لە خولێک یان گەشتێکی تایبەت بە کوارگەکان بەشداری بکە· دەزگاکانی پەروەردە و کۆمەڵەکانی تایبەت بە کوارگ: خولەکان و گەشتەکان بە ڕێوە دەبەن.
- ماڵپەڕە بەسوودەکان: **www.svampguiden.com** • **www.svampkonsulent.se**

**هەرکات حاڵەتێکی ژەهراویبوونی ئیمرجێنسی ڕووی دا تەلەفۆن بکە بۆ ١١٢ (ئەمە خزمەتێکی ٢٤- کاتژمێرییە) و داوای زانیاریی لەبارەی ژەهراویبوون بکە.**
**بۆ ئەو حاڵەتانەی کە کەمتر ئیمرجێنسین تەلەفۆن بکە بۆ ٠١٠-٤٥٦٦٧٠٠ .**

**www.gic.se**

## فریشتەی وێرانکەر

*Amanita virosa*



ئەم کوارگە بەتەواوی سپییە. چەترەکەی ٥ تا ١٢ سانتە. لاسکی ئەم کوارگە ئاساییانە بازنەیەکی هەیە، بەڵام هەندێجار نییەتی. ئەم کوارگە کاتێ کە زۆر تازەیە هەر لە هێلکە دەچێت. بەشی خوارەوەی لاسکی ئەم کوارگە کە ئاساییانە لە قوڵایی قەوزەدایە، ئاوساوە. فریشتەی وێرانکەر لە دارستانە قەوزەییەکانی کاژ و جەنگەڵەکانی سوورەدار دا سەوز دەبێت.

**کارتێکەری و نیشانەکانی ژەهر**

ژەهرەکەی جەرگ خراپ دەکات. هەندێ لە نیشانەکانی ژەهراویبوون بریتین لە سکچوونی ئاوەکی، هەست بە دڵشێوان و ڕشانەوە کە چەندین کاتژمێر دوای خواردنی کوارگەکە دەست پێ دەکات. دەتوانێ زیانی جددی بگەیەنێت بە جەرگ. ژەهراویبوون دەتوانی کوشندە بێت.

---

## کڵاوی مەرگ

*Amanita phalloides*



چەترەکەی ٥ تا ١٢ سانتە. ڕەنگی چەترەکەی دەتوانێ زۆر جۆراوجۆر بێت، لە سپی تەواو هەتا سەوز یان بۆر و هەندێ حاڵەت قاوەیی کاڵ. پەڕەکانی سپین. لە دەوری لاسک بازنەیەکی ناسک هەیە، بەڵام نەک هەمیشە. بەشی خواری لاسک ئاوساوە. کڵاوی مەرگ لە دارستانە گەڵاڕێزەکان، جەنگەڵە تێکەڵەکان (واتە ئەو شوێنانە کە داری گەڵاڕێز .و داری کاژ تێدا پێکەوە گەشەدەکەن) وە لەو مێرگانەی کە سوورەدار، داربەڕوو و دارفەندقی تێدایە سەوز دەڕوێت.

**کارتێکەری و نیشانەکانی ژەهر**

هەمان ژەهری تێدایە کە لە فریشتەی وێرانکەر دا هەیە. نیشانەکانی هەروەک ئەو کارگەیە و بە هەمان ڕادە کوشندەیە – سەرەوە بخوێنەوە!

---

## کڵاوتۆری کوشندە

*Cortinarius rubellus (C. speciossimus)*



چەترەکەی ٤ تا ٨ سانتە. ڕەنگی ئەم کارگە بەتەواوی لەنێوان قاوەیی سوورباو هەتا قاوەیی زەردباو دەگۆڕدرێت. چەترەکەی ئاساییانە قووچە، بەڵام نەک هەمیشە. ئەم کوارگە لە دارستانی کاژی قەوزەیی و دارستانی سوورەدار دەڕوێت. کڵاوتۆری گەوجان (سی. ئۆرێلانوس) جۆرێکی هاوشێوەی ئەم کوارگە کە هەمان جۆر لە ژەهری تێدایە. ئەم کوارگە لەو دارستانە گەڵاڕێزانە کە داربەڕوو، سوورەدار و فەندقی تێدایە سەوز دەبێت.

**کارتێکەری و نیشانەکانی ژەهر**

ژەهری ئەم کوارگە زیان دەگەیەنێت بە گورچیلەکان وە دەتوانێ بەتەواویی لەناویان ببات. نیشانەکانی ژەهراویبوون هەتا چەند ڕۆژ دوای خواردنی ئەم کوارگە دەر ناکەون. هەندێ لە نیشانەکانی بریتین لە تینووبوون، ئێشی ماسوولکە، زیادبوون یان کەمبوونی میز. ژەهراویبوون بەم کوارگە دەتوانێ ببێتە هۆی بەکارهێنانی دەرمانی دیالیزی درێژماوە وە لە هەندێ حاڵەت دا نەخۆش ناچار دەکات گورچیلە چاند بکات.

---

## زڕکارگ

*Gyromitra esculenta*



زڕکوارگ (فاڵ مۆرێل) ئەندامی گرووپێکی تەواو جیاواز لە کوارگەکانە چەترەکەی ٤ تا ١٢ سانتە، ڕەنگی قاوەییە و لە مێشک دەچێ. ڕەنگی لاسکی جۆراوجۆرە و دەتوانێ بۆری کاڵ، قاوەیی یان بەنەوشی زۆرکاڵ بێت. زڕکارگ بەهاران لە مانگی ئاپریل هەتا کاتی گەڵاکردنی دارقەزبان، وە ئاساییانە لە کەنار جادەکانی نێو دارستان، نزیک کۆتەداری هەڵکەنراو یان لە شوێنی برینی دار دەڕوێت.

**کارتێکەری و نیشانەکانی ژەهر**

ژەهری ئەم کوارگە دەبێتە هۆی تێکچوونی سیستەمی دەمار وە دەتوانێ زیان بگەیەنێت بە خانەکانی خوێن و جەرگ. هەندێ لە نیشانەکانی ژەهراویبوون بریتین لە گێژبوون، دوانەبینین و قسەتێکەڵ کردن. هەروەها ڕەنگە هەندێ نیشانەی تر وەکوو دڵێشێوان و سکێشەشی هەبێت.

Giftinformationscentralen

SWEDISH POISONS INFORMATION CENTRE

ئەم برۆشوور لە لایەن ناوەندی زانیاریی ژەهرەکان لە سوید وە بە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵەی ڕاوێژکاری کارگی سوید ئامادە کراوە      وێنە: (Michael Krikorev)